## HR بەڕێوەبەری کارگێڕی و سەرچاوە مرۆییەکان

ئەم بەڕێوەبەرە بە ڕاپەڕاندنی کارەکانی دووبەش هەڵدەستێت :(کارگێڕی ) و (سەرچاوە مرۆییەکان).

**ئەرکەکان :**

- دانانی پلانێکی تۆکمەی بەرفراوان بۆ سەرچاوەی مرۆیی پێویست بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا.
- دانانی سیستمی تایبەت بە مەشقکردنی فەرمانبەران لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریان و دواتر بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە کۆمپانیا .
- کارامەیی لە هەڵسەنگاندنی فەمانبەران لە بواری کارگێری و هەڵسان بە ئەنجامدانی خەملاندن و هەڵسەنگاندن بە پێی پێداویستیەکانی کار.
- ئامادە کردنی ڕاپۆرتی (هەفتانە و مانگانە و وەرزی و ساڵانە)ی پەیوەست بە چالاکیە کارگێریەکان بۆ بەڕێوەبەری کۆمپانیا.
- هەڵسوڕاندن و سەرپەرشتیکردنی بنکەکانی خستنە بازاڕو خزمەتگوزاری لە گشت ئەو ناوچانەی کە کۆمپانیا تیایاندا کار دەکات .
- ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سیستمی زانیارییەکان .
- بەڕێوەبردنی کاروباری کۆگا.
- بەڕێوەبردنی کاروباری پرسگە و پاسەوانی.
- پاڵپشتیکردنی کارەکانی کڕین و جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی ناو کۆمپانیا.

**پێداویستیەکان :**

- خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت لە بواری کارگێری و خستنە بازار ، (چاکتر وایە بڕوانامەی باڵای هەبێت لەم بوارەدا) .
- ئەزمونی لە بواری کارگێری و فرۆشیاری و خستنە بازاڕدا لە ٣ ساڵ کەمتر نەبێت.
- خاوەن ئاستی بەرز بێت لە بواری ئاخاوتن ، ڕاگورینەوە و ڕاپەڕاندنی کارەکان.
- بوونی ئەزمونێکی باش لە بواری سەرچاوە مرۆییەکان و کارەکانی خۆیەتی .
- پێویستە هەر سێ زمانی (کوردی و عربی و ئینگلیزی) بەباشی بەکاربهێنێ لە ئاخاوتن و نووسیندا .

## پێناسەی کار

## بەڕێوەبەری بەدواداچوونەوە و کۆنترۆل

## ئەرکەکان :

- کاری پلان دانان و بەدواداچوونەوە و کۆنترۆلکردنی کارە تەکنیکی و داراییەکان لەئەستۆ دەگرێت بەو شێوازەی کە لەگەل سیستمی کۆمپانیا بگونجێت.
- لە بەر رۆشنایی پلانی دارێژراو کاری بەدواداچوونەوە ئەنجام دەدات لە رێگای شیکردنەوەی زانیارییە وەدەستهاتووەکانی ئەم پرۆسەیە .
- ئامادەکردنی راپۆرتی تایبەت بەو کارانەی کە بەدواچوونەوەیان بۆ ئەنجام دراوە ، راپۆرتەکەش دەخرێتە بەردەستی بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیا بە مەبەستی چارەسەر کردنی کەموکوڕییەکان .
- بە پێی ئەم راپۆرتانەوە خاڵە لاوازەکان دەست نیشان دەکرێت و چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە .
- بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆك بەشەکانی نێو کۆمپانیا پلانێکی تۆکمە بۆبەدواداچوون دادەڕێژێت بە مەبەستی بەرز کردنەوەی ئاستی بەدواداچوونەوە.
- سەرپەرشتیکردنی تیمەکانی بەدواداچوونەوە لە بوارەکانی تەکنیکی و کارگێری و دارایی.
- روونکردنەوەی پرۆسەی بەدواداچوونەوە بۆ گشت بەشەکان بە شێوەی سالانە (کەمتر نەبێت لە دوو جار) بە شێوەیەك کە گشت ووردەکارییەکان روون بکرێنەوە.
- هەولدان بۆ لەیەك نزیککردنەوەی بەشەکان لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی بەداواچوونەوەدا بە شێوەیەك کاریگەری پۆزەتیڤانە بکاتە سەر هەماهەنگی نێوانیان بە رەچاوکردنی بەرز راگرتنی کلتوری خۆمالی لە پرۆسەکە بە شێوەیەکی گشتی.

## پێداویستیەکان :

- خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریوس بێت لە بوارێکی زانستی یان کۆمپیوتەر، (باشتر وایە خاوەنی بڕوانامەی بالآ بێت لە بواری زانستیدا) .
- ماوەی خزمەتکردنی لە بواری بەدواداچوونەوە لە چوار ساڵ کەمتر نەبێت .
- خاوەنی ئەزموونێکی باش بێت لە بواری بەدواداچوونەوە.
- دەبێت لە بواری کۆمپیوتەر شارەزاییەکی تەواوی هەبێت بە تایبەتی لەو بەرنامانەی کە تایبەتن بە سیستمی بەدواداچوونەوە.

- خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بێت و توانای ڕاگورینەوە و سەرپەرشتیکردنی کوبوونەوەکانی هەبێت.
- توانایەکی باشی هەبێت لە بواری رادەربرین و شیکردنەوەی بابەتەکان بە نووسین و ئاخاوتن بەهەرسێ زمانی (کوردی، عەربی ، ئینگلیزی) .

## پێناسەی کار

## بەرێوەبەری پلان دانانی درێژخایەن و خستنەبازاڕ

ئەم بەرێوەبەرە کارەکانی دووبەش رادەپەڕێنی: (پلانی درێژخایەن) و(خستنە بازاڕ).

## :ئەرکەکان

- خاوەن توانایەکی بەرچاو بێت لە دروستکردنی بنکەیەکی تۆکمەی خستنە بازاڕی ئەوتۆ کە پەیوەندییەکی بەهێزی هەبێت لەگەل بازاڕەکانی ناوەخۆ و هەرێمایەتی شانبەشانی بوونی توانایەکی بەرز لە دانووستان .
- لێهاتوویی لە بواری نەخشەسازی و پەرپێدان و جێبەجێ کردنی پلانی ئەوتۆ کە باشترین خزمەتگوزاری بخاتە بەردەست لە پێناو پەرەدان بە ستراتیژیەتی کۆمپانیا.
- زانیاری تەواوی هەبێت سەبارەت خەملاندنی ووردی داهاتەکانی (مانگانە و وەرزی و سالانەی) فرۆشی کۆمپانیا .
- بنیاتنانی کارگێریەکی بەهێزی فرۆشیاری و پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری لە رێگای بەهێز کردنی توانستی خودی و کەسایەتی کارمەندان.
- دانانی میکانیزمێکی تایبەت بە مەبەستی دەستکەوتنی هەموو راپۆرتەکانی تایبەت بە بازاڕ و ئامادەکردنی راپۆرتی مانگانە بە خێراترین شێواز و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی بڕیار و سیاسەتە دارێژراوەکانی کۆمپانیا .
- بوونی توانایەکی بالا لە دەست نیشان کردنی هەڵەکانی فرۆشتن لە رێگای کۆکردنەوەی تەواوی زانیاری دەست کەوتوو لە بەشداربووان ، ئەمەش بە مەبەستی پێشخستن و بەهێزکردنی سیستمی فرۆشیاری.
- لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارییەتی یەکەی ئەرشیفی ناوەندی .
- سەرپەرشتیکردنی بنکەکانی فروشتن و خزمەتگوزاری لە گشت ئەو ناوچانەی کە کۆمپانیا تیایاندا کار دەکات .

## پێداویستیەکان:

- بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری کارگێری وخستنە بازاڕ (چاکتر وایە بڕوانامەی باڵای هەبێت لەم بوارەدا) .
- ئەزمونێکی باشی هەبێت لە بواری کارگێری فرۆشیاری و خستنە بازاڕ ، بە مەرجێك لە ٣ ساڵ کەمترنەبێت.
- لێهاتوو بێت لە بواری ئاخاوتن و راگۆڕینەوەو راپەڕاندنی کارەکان .
- توانایەکی باش لە ئاخاوتن و نووسین بە هەر سێ زمانی (کوردی، عربی، ئینگلیزی) .

## پێناسەی کار

## بەڕێوەبەری یاسایی

## ئەرکەکان:

- پێشکەشکردنی پاڵپشت و راوێژکاری یاسایی بۆ کەرتی خستنە بازاڕ و خزمەتگوزاری شانبەشانی رێکخستنی گرێبەست و پەیڕەو و پرۆگرامی سیستمی ناوەخۆ و دەرەکی کۆمپانیا.
- لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارییەتی لە چارەسەر کردنی سەرجەم سکالاو کێشە یاساییەکانی دێنە بەردەم کۆمپانیا لە رێگای یاسا و رێسا پەیرەو کراوەکان.

## پێداویستیەکان:

- بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری یاسا ( چاکتر وایە خاوەنی بڕوانامەی باڵا بێت) .
- ئەزموونی لە بواری کارکردن وەکو پارێزەر لە ٧ ساڵ کەمتر نەبێت.
- توانای کارکردنی هەبێت لە گشت بارودۆخە ناهەموارەکان، ئەمەجگە لە کارامەیی لە دروستکردنی پەیوەندی گشتی و تایبەتی بەرچاو لە سەرجەم بارودۆخەکان.
- لێهاتوویی لە بواری کارگێری بە کۆمەڵ و هەماهەنگی باش.
- توانای کارکردن و مامەڵە کردنی هەبێت لە گەڵ تویژێکی بەر فراوان لە کۆمەڵ ، ئەمە جگە لە ئاخاوتن و گوێگرتن و یاداشت کردن بە هەر سێ زمانی (کوردی و عربی و ئینگلیزی) .

**هاندەرەکان بۆ هەرچوار پۆست:**

- برپینەوەی مووچەی مانگانە بەپێی جۆری بڕوانامە و ساڵەکانی ئەزموون بەپێی گرێبەستێك رەچاوی رێنەمایەکانی تایبەت بەمووچەی کارمەندانی کۆمپانیای کۆڕەك تیلیکۆم دەکات.
- دابینکردنی هۆی گواستنەوەی کارمەند بۆ شوێنی کار و دابینکردنی ژەمی خواردن لەکاتی دەوامدا.
- پێدانی ( ١٦٠ ) کاتژمێر مۆڵەتی ئاسایی بە کارمەند لە هەر ساڵێکدا بە مووچەی تەواو.
- پاراستنی کارمەند لە مەترسیەکانی کار بە دابینکردنی هەموو پێداویستیەك لەم بوارەدا .

بۆ پەیوەندی کردن و ناردنی زانیاریەکانتان تکایە ئیمیڵ بنێرن بۆ:

info@korektel.com